**بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلـەمانی کوردستان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان**

## بابەت: یاداشتنامەی ناڕەزایی

چەند ڕۆژێکە بێزاریی و ناڕەزایی خەڵکی کوردستان ، لـە بەرامبەر کەمیی کارەبـا و گرانیـی سـوتەمەنیی و چوونەسـەری نرخی بازاڕ و بێدەربەستیی حکومەتدا ، پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێـوە. زۆربـەی شـار و شارۆچـکەکان خۆپێـشاندانی تێـدا بەرپابووە و بەگشتییش خەڵك سەرگەرمی خۆڕێکخستن و خۆئامادەکردنن بۆ هاتنە مەیـدانی سەراسـەریی و ئـیتر خـەڵك بەو باوەڕە گەیشتووە کە چیتر بەوە ڕازیی نەبێت کوردستان بۆ هەندێك بەهەشـتی ڕازاوە و بـۆ هەنـدێکیش پـڕ بێـت لـە بێمافیی! بۆ ئەو مەبەستەش دەنگی بە کۆمەڵیان هەڵبڕیوە.

لـە بەرامبـەردا هێزەکـانی نـاوخۆ ، وەك ئـەوەی لــە بەرامبـەر دوژمنـی سەرسـەختی خۆیانـدا وەسـتابن! ! تـەواوی ئـەو خۆپێشاندانانەیان داوەتە بەر دەستڕێژی گوللـە و دەیان کەسـیان پـێکاوە کـە بـە داخـەوە هەنـدێکیان شـەهید بـوون و سەدان کەسیش ئاخنراونەتە ناو زیندانەکان و شەوانە هەڵکوتانە سەرماڵان و ڕەشبگیر پـەرەی گرتـووە بـۆ پێـشگرتن بـە هاتنەمەیدانی خەڵك و بە جۆرێك ئیستفزازی خۆپێشاندەران کراوە کە هەموو خۆپێشاندانەکان بـەرەو توندوتیـژیی ملـی نـاوە! سـەرەڕای هـەموو ئەوانـەش حکومـەت و لایەنـە پـەیوەندارەکان هـیچ وەڵامێکیـان بـە داخوازییـەکانی خـەڵك نەداوەتەوە و بێدەنگییان هەڵبژاردووە!

هەڵبەت ئەوە پێویستی بە باسکردن و ڕۆشنکردنەوە نیـە کـە خـەڵك داوای مـافێکی زۆر سـەرەتایی خـۆی دەکـات و چاوپۆشیی زۆریشی کردووە کە ماوەی ١٥ساڵـە ئەو مافە زۆر سەرەتاییانەی بۆ دابین نەکراوە. لـە ماوەی ئەو ١٥ ساڵـەدا پاساوی زۆر و جۆراوجۆر خراوەتە ڕوو بۆ داپۆشینی کەموکوڕیی و کەمترخەمییەکان! ئێستا ئیتر هیچ کام لـەو پاساوانە قبوڵناکرێت و خەڵك دەیەوێت لانی کەمی خواستەکانی بـەدیبێت و لـەژێر بـاری قورسـی دەیـان سـاڵـەدا بێتـەدەر و پشوویەك بدات ، بەڵام بە پێچەوانەوە! ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ ژیانی خەڵك ڕوو لــە سـەختیی زیـادتر دەکـات و حکومـەت زیادتر بێتواناییەکانی خـۆی لــە جێبـەجێکردنی پێویـستییەکانی ژیـانی خەڵکـدا نیـشاندەدات و بـۆ قـەرەبووی ئـەو بێتواناییەش هێزەکانی ناوخۆ بە ئاگر و ئاسن وەڵامی داخوازییەکانی خەڵك دەدەنەوە و تەنیا لـە ماوەی چـەند مـانگی ڕابوردوودا کوردستان ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە لـە تەقەلێکردن و خوێنڕشتن و زیندانییکردنی خۆپێـشاندەراندا! ! ! تەنانەت بە پێوانە لـە گەڵ وڵاتە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەشدا!.

ئێمە نیگەرانیی و ناڕەزاییی خۆمان لـەو بارودۆخە بە توندیی دەردەبڕین و پێمانوایە بـە لارێـدابردنی خۆپێـشاندانەکان بـەرەو تێکـدان و شـکاندن لــە گرنگیــی خــەباتی جــەماوەریی کەمدەکاتــەوە و بێــوەڵامیی حکومــەت لــە بەرامبــەر

داخوازییەکانی خەڵك ، هەروەها سەرکوتکردنی خۆپێشاندانی خەڵك لە لایەن هێزەکانی ناوخۆوە ، بارودۆخەکە بەرەو ئاقارێکی تر دەبات و دوور نیە شێوازێکی هاوشێوەی مامەڵە توندوتیژەکانی ئاساییش بەخۆوە بگرێت!

ئێمە کە لەخوارەوە ئیمزامان کردووە ، داخوازییەکانی خەڵك بە تەواویی بەڕەوا دەزانین و بەو هۆیەشەوە بە تەواویی لەگەڵیداین و هاوشانی جەماوەری خەڵك بۆ بەدیهێنانیان تێدەکۆشین و لە حاڵی بەدینەهاتنیاندا لە شێوازی خەباتکارانەی جۆراوجۆر کەڵك وەردەگرین.

بۆیە داواکارین:

دەستبەجێ گیراوەکان ئازادبکرێن و ئەوانەی تەقەیان لە خەڵك کردووە ، بدرێن بە دادگا و بە تۆمەتی کوشتنی بە ئەنقەست دادگایی بکرێن و یاسایەکیش دابڕێژرێت بۆ قەدەغەکردنی تەقەکردن لە خەڵك.

هەروەها حکومەت وەڵامێکی شیاو بە داخوازییەکانی خەڵك بداتەوە ، خەڵك بە خاوەن ماف و خۆی بە مەسئول بزانێت لە دابینکردنی ئەو مافانەدا.

بۆ کۆتاییهێنان بەو گەندەڵییەی کە بڕستی لەم کۆمەڵگایە بڕیوە و خۆی بووەتە هۆکارێکی جددیی لە بێمافیی خەڵکدا ، لە تەواوی دامودەزگاکانی پەیوەندداربە ژیانی خەڵکەوە بەرپرس و کاربەدەستەکان بە هەڵبژاردن دیارییبکرێن.

لەگەڵ ڕێزدا

ئیمزاکان:

**١ ـ دەستەی داکۆکیی لە داخوازییەکانی خەڵك**

**٢ ـ پارتی چەپی کوردستان**

**٣ ـ یەکێتی کومۆنیستەکان لە عێراق**

**٤ ـ پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**

**٥ ـ کۆمەڵێك لە نابینایانی کوردستان**

**٦ ـ کۆنگرەی ڕێفراندۆم**

**٧ ـ ڕۆژنامەی واژام**

**٨ ـ کۆمیتەی بەرگری لە کرێکارانی عێراق**